

ژیشك دڵی بەوە خۆش بوو کە خواردنی زۆری کۆکردۆتەوە،
بەڵام دڵی هەر لای کەروێشك و بەفر بوو.



بەفر باری و شاخ و
دەشت و دۆڵەکان سپی بوون.
کەروێشك دڵی هەر لای ژیشك بوو،
دەیزانی چەندی حەز لێیە بەفر
ببینێ و شەڕە تۆپەڵی پێبکات.



کەروێشك تۆپەڵە بەفرێکی گەورەی دروست کردو
تلی دایە ناو چاڵێکی گەورەوەو شاردیەوە، پاشان
شوێنەکەی نیشان کرد. دڵ ئاگای لە دڵە، ژیشکیش
هەر بیری لە بەفر دەکردەوە.



بەهار هات و سەرما نەما. بەفر
توایەوە و گیانداران هاتنە دەرێ و
دەستیان لەملی یەکتر کردو کەوتنە یاری.



کەروێشك بەغاردان هاتە لای ژیشکەکەو دەستی
گرت و بردییە لای چاڵەبەفرەکەو وتی: بزانە چ
دیارییەکم بۆ هەڵگرتوی!



ژیشك تۆپەڵە بەفرەکەی دەرهێناو چەند ساتێك
لەگەڵ زستانا یاری کردو چێژێکی زۆری لێ وەگرت،
هەتا تیشکی خۆر بەفرەکەی تاواندەوە.